# هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ڕیالیزم لەچیرۆکی کوردیدا
# بە نموونە چیرۆکەکانی (وڕێنە - دیوار - لەپایزی تەمەندا)ی ڕەئوف بێگەرد

**ID No. 322**

(PP 55 - 63)

https://doi.org/10.21271/zjhs.27.1.4

**خەندە حاجی بکر**
بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر
Xandahajibakir1990@gmail.com

**سلیم رشید ساڵح**
بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر
salim.salih@su.edu.krd

**وەگـــــــرتن : 2022/05/26**
**پەسندکردن : 2022/08/22**
**بڵاوکردنەوە : 2023/02/25**

**پوختە**

پوختەی ئەم توێژینەوە بریتییە لە خستنەڕووی ئەم هۆکارانەی بوون بەهۆی سەرهەڵدانی ڕیالیزم لەچیرۆکی کوردیدا و دەستنیشانکردنی ئەم ڕێبازە لەچیرۆکەکانی ڕەئوف بێگەردا، ڕیالیزم ئەو ڕێبازە ئەدەبییە کە جەخت لەسەر تۆماکردنی ڕاستەقینەی واقیع دەکاتەوە و خۆی بەدوور دەگرێت لەخەیاڵ و تەم و مژی و ئاڵۆزی، وەك کاردانەوەیەك بەرامبەر بەڕێبازی ڕۆمانسیزم سەریهەڵدا چونکە ڕۆمانسیزمەکان پشتیان بەخەیاڵ دەبەست و لەواقیع دوورکەوتبوونەوە، پەیڕەوکەرانی ئەم ڕێبازە کێشەکانی نێو کۆمەڵگا دەکەن بەبابەتی سەرەکی لەنێو بەرهەمەکانیان دا و ئەزموون لەکێشە کۆمەڵایەتیەکانی سەردەم وەردەگرن. چیرۆکی کوردی لەسەرەتای سەرهەڵدانیەوە بەهۆی باری ناهەمواری کوردستان لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابورییەوە ڕووی لەڕێبازی ڕیالیزم کردووە و ناوەڕۆکی چیرۆکەکان ببوون بەئاوێنەیەك بۆ دەرخستنی ئەم کێشە و گیروگرفتانەی لەم سەردەمەدا ڕوویان لە کوردستان کردبوو.

**کلیلە وشە:** ڕیالیزم، چیرۆکی کوردی، واقع، کێشەی کۆمەڵایەتی.

**پێشەکی:**

ئەم ئەم توێژینەوە تایبەتە بە دەرخستنی هۆکارە دەرەکی و ناوخۆییەکانی سەرهەڵدانی ڕیالیزم لەچیرۆکی کوردیدا، پراکتیزەکردنی لە چیرۆکەکانی (ڕەئوف بێگەرد)دا، هەریەك لەهۆکارە دەرەکیەکانی وەکو کاریگەربوونی ئەدەبی کوردی بەئەدەبیاتی بێگانە و ڕۆڵی هاتوچۆ و بازرگانی و هۆکارە سیاسی و ئایدۆلۆژیەکان خراونەتەڕوو، لە هەمانکاتدا هۆکارە ناوخۆییەکانی وەکو دەرکەوتنی بیری چەپخوازی لەکوردستاندا و بارودۆخی کۆمەڵایەتی کوردستان و بوونی دیاردەی چینایەتی، هەروەها وەرگێران وەکو فاکتەری گرنگی هاتنەناوەوەی ڕیالیزم بۆ چیرۆکی کوردی باس کراون. دواتریش دەرکەوتنی ئەم ڕێبازە لە چیرۆکەکانی نووسەردا دەستنیشانکراون. بۆ نووسینی ئەم توێژینەوەیەش پشت بەچەندین سەرچاوەی زانستی جیاواز بەستراوە.

**1- هۆکارە دەرەکیەکان:**

**1-1 ئەدەبیاتی تورك و ئەوروپی:**

کاریگەری ئەدەبی لەنێوان میللەتاندا یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکانی جیهانگیری ئەدەبی ((مەبەست لە جیهانگیری ئەدەب دەرچوونی ئەدەبە لە قاوغە تەسکەکەیی و بڵاوبوونەوەیەتی لەئەدەبیاتی میللەتەکانی دی، جا ئەو ئەدەبە هەمر خۆی سود وەردەگرێ بە وەرگرتن لە ئەدەبیاتەکانی دیکە و هەمیش سود دەگەیەنێ بەوەی کە ئەدەبیاتەکان لێی وەردەگرن، لەئەنجامی ئەمەش گۆڕانێکی سەرتاسەری لەجیهانی هزر و ئەدەبدا ڕوودەدات)). ]شوان: 2014: ل 60[. بەرەوپێش چوونی ئەدەبیاتی هەر میللەتێك بەستراوەتەوە بەڕادەی شارەزایی و ئاگاداربوونی نووسەر و ئەدیبانی ئەم میللەتە بەئەدەبیاتی میللەتانی تر، هەروەکو (گوتە) دەڵێ: ((هەر ئەدەبێك هەناسەی ئەدەبەکانی تری بۆ نەیەت و سەر لەنوێ خۆی دانەڕێژێتەوە کروشکە دەکات و هەڵدەپروکێ)) ]گەردی: 1978: ل 3[. ئەدەبیاتی تورك و ئەوروپی فاکتەری بەهێزی هاتنەناوەوە و سەرهەڵدانی ڕیالیزم بوون. لە چیرۆکی کوردیدا: ئەم کاریگەرییەش بەئاشکرا لە بەرهەمی نووسەرەکانمان ڕەنگی داوەتەوە، نووسەرانی کورد لەڕێگەی کاریگەربوونیان بەئەدەبیاتی

تورکیەوە کەوتونەتە ژێر کاریگەری ئەدەبیاتی ئەوروپیەوە ((کۆمەڵێك لەشاعیران و نووسەران بەهۆی زانینی زمانی تورکیەوە یان بەهۆی ئەو دەرفەتەی بۆ هەندێکیان هەڵکەوتبوو ماوەیەکی ژیانیان لە ئەستەمبۆل بردە سەر و بەچاوی خۆیان ئەو پێشکەوتنە ئەدەبی و ڕۆژشنبیرییەیان بینی کە لە ئەدەبی تورکیدا بەهۆی تەوژمی ئەدەبی ئەوروپاییەکانەوە ڕووی لەم وڵاتە دەکرد)) ]محمەد: 2014: ل 56[. زۆرجار خراپی باری ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی ناوچەیەك دەبێتە هۆکاری کۆچ کردنی نووسەر و شاعیران بۆ وڵاتێکی تر کە لە ڕێگەی ئەم کۆچ کردنەوە شارەزا دەبن لەئەدەبیات و ڕۆشنبیری ئەو میللەتەی کە کۆچیان بۆی کردووە و دەکەونە ژێر کاریگەری ئەدەبیاتەکەی، ((بێگومان پێشکەوتنی ئەم هونەرە نوێیەش بەپلەی تێکەڵبوونی کۆمەڵگاکەمان بەشارستانیێتی ڕۆژئاوا و دەوروبەرمان و ڕادەی سود وەرگرتن لێیانەوە بەندە)) ]فەیزی: 2006: ل 149[. نووسەر و شاعیرانی کوردیش توانیان ئاشنا بن بە کلتور و ڕۆشنبیری تورکی و لەڕێگەی ئەدەبیاتی تورکیشەوە کاریگەر بن بەئەدەبیاتی ئەوروپی و هەوڵ و تەقەلابدەن بۆ شارەزابوون لەئەدەبیاتەکە.

ڕیالیزم وەکو ڕێبازێکی ئەدەبی کە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم لەئەدەبیاتی ئەوروپی دا دەردکەوت دواتر بەنێو ئەدەبیاتی میللەتانی ڕۆژهەڵاتدا بڵاوبوویەوە، لە ئەدەبیاتی کوردیش دا لەڕێگەی کاریگەری ئەدەبیاتی تورك و ئەوروپییەوە ڕەگی داکوتا و خاسڵەت و تایبەتمەندییەکانی دەرکەوتن، وە بەپلەی یەکەم لەچیرۆکی کوردیدا دەرکەوت چونکە ڕێبازی ڕیالیزم زیاتر لە پەخشاندا ڕەنگی دایەوە وەك لە شیعر چونکە پێیان وابوو ژانرێکی گونجاوە بۆ دەرخستنی کێشە و گیروگرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان بۆیە دەبینین (ئەو چیرۆکانەی لە گەلاوێژ بەدواوە تادەگەنە پەنجاکان و شەستەکانیش زۆربەیان چ لەڕووی ڕوخسارەوە چ لەناوەڕۆکەوە شێوازێکی تایبەتیان هەبووە دەتوانین بڵێین سەر بەڕێبازی ڕیالیستی بوون، چونکە ڕووداوەکانیان لە ناوەرۆکدا سەر بەواقیعی کۆمەڵی کوردی بووە لەڕووی هونەریشەوە کاریگەری ڕووسی و ئەوروپی پێوەدیارە کە ئەوسا ڕێبازی ڕیالیستی سۆشیالیزمی و ڕەخنەگرانە و شۆڕشگێڕانە باوی هەبووە)) ]ساڵح: 2012: ل 116[. جگەلە هۆکاری کۆچکردنی نووسەر و شاعیرانمان بۆ وڵاتی تورکیا داگیرکاری و ژێردەستەییش هۆکارێکی تری گرنگی کاریگەربوونی ئەدەبیاتی میللەتەکەمان بوو بە ئەدەبیاتی تورکیەوە، لەبەرئەوەی وڵاتەکەمان داگیرکراوە لەلایەن تورکەوە ئاشکرایە کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەدەبیاتی تورکیەوە ((داگیرکردن لەئەنجامی پەلاماردانی وڵاتێك و شکانی وڵاتێکی تر پەیدادەبێ کە لە ئاکامدا وڵاتە بەزیوەکە ژێردەکەوێ و سەر بۆ ئەوەی تر شۆڕ دەکا. جا ئەو نەتەوەی لە لێکدانەکەدا دەباتەوە و سەردەکەوێ زمان و ئەدەب و ڕۆشنبیری خۆی بەسەر نەتەوە بەزیوەکەدا دەسەپێنێ و بە مەش زۆر کارێکی دژوار لە بەرهەمی ئەدەبی نەتەوە ژێردەستەکە دەکات)) ]گەردی: 1978: ل 69[. کەوایە کاریگەری ئەدەبیاتی تورك و ئەوروپی هۆکاری گرنگی دەرکەوتنی رێالیزم بوون لەئەدەبیاتی کوردی کە زیاتر لەڕێگەی چیرۆکەوە هاتە نێو ئەدەبی کوردی.

**2-1 ڕۆڵی بازرگانی و هاتوچۆ:**

بازرگانی و هاتوچۆ ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لەپەڕینەوەی کاریگەری ئەدەبی لەنێوان میللەتاندا و هۆکارێکی گرنگە بۆ گواستنەوەی ئەدەب و کلتور و ڕۆشنبیری لەنێوان ئەو دوو نەتەوەیەی کە بازرگانی لەنێوانیاندا ڕوودەدات ((لەبەرئەوەی بازرگانی ڕێگە بۆ شارەزابوون و ناسیاوی و ئاڵوگۆڕی بیروباوەڕ خۆش دەکا، دەبێتە مایەی فراوانبوونی ئاسۆی ئەم ئەدەبانە و بزوتنەوەی دان و بەخشین و وەرگرتنیان لەنێوان بەهێز دەکات و هەریەکە کەم و کورتی خۆی بەوانی تر پڕ دەکاتەوە و ڕووی گەشی خۆی پیشان دەدات و سفرەی خۆیان لەبەردەم ڕادەخا. ئەوەش هەمووی هۆیەکی گەورەیە بۆ گۆزرانەوەی کاریگەری ئەدەبی)) ]گەردی: 1978: ل 73[. ڕیالیزم کە یەکێك بوو لەو ڕێبازە ئەدەبیانەی کە سەرەتا لەئەوروپا و دواتریش لەنێو ئەدەبیاتی میللەتانی ڕۆژهەڵاتدا بڵاوبوویەوە و خاسیەتەکانی بوون بەتایبەتمەندی گرنگ لەنێو بەرهەمە ئەدەبیەکانداو، لەڕێگەی کۆمەڵێك هۆکاری جیاوازەوە هاتە نێو ئەدەبی کوردیەوە یەکێك لە هۆکارەکانیش بازرگانی و هاتوچۆ بوو ((ئەو شارانەی شوێنی گرنگی بازرگانیان هەیە زۆرتر بازرگانەکان لە هەموو لاوە سەری لێدەدەن و دەتوانن کلتوری خۆیان بۆ ئەو شارانە بگوازنەوە یاخود کلتوری ئەو شارانە بۆ ئەو وڵاتانە بینەوە)) ]شوان: 2014: ل 64[. ئاشکرایە کە کوردستان ناوچەیەکی بازرگانیە و لەڕووی جوگرافیشەوە هۆکاری بەستنەوەی چەند وڵاتێکە ئەمەش بووە بەڕێگە خۆشکەرێك بۆ ئەوەی ئاشنا بێت لەگەڵ کلتور و ڕۆشنبیری و ئەدەبیاتی میللەتانی تردا و لەگەڵ ڕەوتی بەرەوپێش چوونیان هەنگاو بنێت.

**3-1 هۆكاری سیاسی و ئایدۆلۆژی:**

دەركەوتنی ڕیالیزم لەئەدەبیی كوردی بەگشتی و چیرۆك بەتایبەتی بەڕادەیەكی زۆر پەیوەنداره به بارودۆخی سیاسی و ئایدۆلۆژی كوردستان خراپی بارودۆخی ناوچەكە لەڕووی سیاسییەوە دەركەوتنی ئەم ڕێبازەی لەئەدەبیاتی كوردیدا سەپاندووە ((دیارە مەبەست لەتایبەتمەندێتی بارودۆخی سیاسی و كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ئەوەیە كە هەموو نەتەوەیەك لە قۆناغێكی دیاریكراودا بەپلەی یەكەم گرنگی بەلایەنێك دەدات وەك ئەوەی میللەتێك لەقۆناغی شۆڕش و ڕاپەڕیندا بێت كەمتر ناوەڕۆكی ئەدەبەكەی ڕوو لەبابەتی خۆشەویستی دەكات و زیاتر كێشەی سیاسی و نیشتمانیەكانی ڕەنگدەداتەوە لەكارە ئەدەبیەكاندا)) ]قادر: 2008: ل 35[. ئاشكرایە ئەدەبیاتی هەر میللەتێك پەیوەستە بەو واقیعەی كە ئەدەبیاتەكەی تێدا لەدایك بووە ((كۆمەڵگەی كوردی لەڕووی سیاسییەوە هەمیشە لەنێوان ئەوپەڕی ناسەقامگیری و تۆزێك لەسەربەخۆییدا ژیانی گوزەراندووە، دوژمنەكانی بەردەوام ئاڕامیان شێواندووە، خاك و سامانیان داگیركردووە، شۆڕش و ڕاپەڕینەكانیان سەركوت كردووە، وەك نەتەوەیەكی سەربەخۆ مامەڵەیان لەگەڵدا نەكردووە)) ]محەمەد: 2014: ل 62[. هەموو ئەو بارودۆخە ناهەموارانەی كوردستان وەكو مەبەست و ناوەڕۆك بوون بەبابەتێكی گرنگی نێو دەقە ئەدەبیەكان و لەواقیعی ژیانەوە بۆ نێو بەرهەمە ئەدەبیەكاندا پەلیانكێشا و بیر و ئایدۆلۆژیای سیاسی لەنێوبەرهەمی نووسەراندا دەركەوت بەو پێیەش ((ئایدۆلۆژیا كۆمەڵێك هەڵوێستی جیاجیای گونجاوە لەنێو كۆمەڵدا، ئەدەبیش لەلایەكی ترەوە دەربڕینی وشە و هەستە كە تەعبیر لە هەڵوێستی ئەدیب دەكات سەبارەت بە كۆمەڵگا و ژیانی دەوروپشتی)) ]كەریم: 2013: ل 92[. خراپی بارودۆخی كوردستان لەژێر سایەی دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی و دواتریش لەسەردەمی حوكمڕانی ئینگلیزدا و خراپی بارودۆخی ناوەخۆی كوردستان ژێردەستەیی و پارچەپارچەیی خاكی كوردستان هەموو ئەمانە فاكتەری بەهێزبوون بۆ دەركەوتنی ڕیالیزم لەچیرۆكی كوردیدا ((دوای دابەشكردنی خاكی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لەئەنجامی جەنگی یەكەمی گێتی كوردستان بوو بە چوار پارچە هەر پارچەیێكی لەناو قەوارەی وڵاتێكەوە: توركیا و عێراق و ئێران و سوریا. دیارە ئەمە كارێكی ڕەشبینی كردە خەباتی ڕزگاری نەتەوەیی كورد. هەروەها زیاتر گیانی نەتەوەیی كوردی جوڵاندەوە و كاری كردە سەر گۆڕان و پەرەسەندنی بەرهەمی ئەدەبی كوردی لەڕووی سیاسەت و كۆمەڵایەتییەوە)) ]خەزنەدار: 2010: ل 19[. هەروەها هەڵگیرساندنی جەنگی دووەمی جیهانی كۆمەڵێك بارودۆخی تازەی بەدوای خۆیدا هێنا كەبووە هۆی سەربەخۆبوونی هەندێك لەوڵاتان و دابەشبوونی هەندێك لەوڵاتانی تر كەئەمەش كاریگەری ڕاستەوخۆی هەبوو بەسەر بارودۆخی سیاسی كوردستاندا (ماوەی دوای جەنگی جیهانی دووەم بەرزبوونەوەیەكی گەورە بوو سەبارەت بە ئەدەبی كوردی لەڕووی زۆری  بەرهەم و پێشكەوتنی ئاراستە ئەدەبییەكان بەشێوەیەكی خێرا لەناوچوونی فاشیست و دەركەوتنی دەوڵەتە سۆشیالیستەكان لەتەنیشت یەكێتی سۆڤیەت و چەندین دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی گەیشتن بەسەربەخۆیی وەك ئیندۆنیسیا و هیند، پاشان سەركەوتنی شۆڕشی چین و بوونی بەدامەزراوەیەكی سۆشیالیستی جیهانی و ڕۆڵی لەپشتیوانی كردنی بزووتنەوەی دیموكراتی لەعێراق، هەموو ئەوانە كاریگەریان هەبوو لەسەر هەردوو ئەدەبی عەرەبی و كوردی، وە لەپاش تەواوبوونی جەنگ كورد یەكەم كۆماری لەمێژووی نوێی خۆیدا لەیەكێك لەپارچەكانی كوردستان پێكهێنا) (رسول:2010 :ص79) ڕەوشی سیاسی كوردستان بووە هۆی ئەوەی نووسەران و ئەدیبان بیر لەئەدەبێك بكەنەوە كە لەڕێگەیەوە واقیعی سیاسی ئەو سەردەمە و بارودۆخە خراپ و ناهەموارەكان بگەیەنن چاكترین ڕێبازیش بۆ گوزارشت كردن لەم واقیعە ڕێبازی ڕیالیزم بوو دیارە ((بەپێی ئەو بارودۆخەی میللەت تێیدا دەژی لەهەر سەردەمێكدا ڕێباز یا قۆتابخانەیەكی ئەدەبی دیاریكراو سەرهەڵدەدات. دەیەوێت تەعبیر لەو ناوەرۆكە بكات كە بارودۆخی ئەو سەردەمە دروستی كردووە، بۆیە لە هەر قوتابخانەیەكی ئەدەبیدا تەعبیر لە ناوەرۆكێكی دیاریكراو كراوە، كە جیاوازە لەناوەرۆكی قوتابخانە ئەدەبیەكەی پێش خۆی ]سابیر: 2006: ل 273[. كەواتە باوردۆخی سیاسی كوردستان ڕۆڵی گرنگ و بەرچاویان هەبووە لە سەرهەڵدانی ڕیالیزم لەچیرۆكی كوردی داو بووەتە هۆی ئەوەی هەست و بیری نەتەوەیی لەناخی نووسەرەكاندا چەكەرە بكات و هەموو توانا و هێزێكیان لەخزمەت دەرخستنی ئەم واقیعە بخەنە ڕوو ((ئا ئەو بارە ناهەموارەی ناو كۆمەڵگای ئەو سەردەمە وەك پارچە ئەسكێك چنراوە بەدڵی ڕۆشنبیر و چیرۆكنووسانی كورددا، كۆمەڵێك وشەی دڵ تەزێنی لەزاریان هێناوەتە دەرەوە ئەو كەف و كوڵە دەروونییەی پێ ئاسودە كردووەتەوە هەندی لە دەردە كوشندەكانی ناو ئەو كۆمەڵە دواكەوتووەیان)) ]ئەحمەد: 1989: ل 324[. خەمخۆری و دڵتەنگی نووسەرانی كورد بۆ بارودۆخی سیاسی كوردستان بوون تایبەتمەندی سەرەكی ئەدەبیاتی كوردی و بابەتی پڕ بایەخی نووسەرانی كوردبوون و هۆكاری گرنگی دەركەوتنی ڕیالیزم بوون لەچیرۆكی كوردی دا.

**2- هۆكارە ناوخۆییەكان**

1-2 دەركەوتنی ئایدۆلۆژیای چەپخوازی لەعێراق و كوردستان دا:

دوای ئەوەی بیری چەپخوازی لە عێراقدا بڵاوبوویەوە وردە وردە لە كوردستانیشدا پەرەی سەند و ڕۆشنبیر و شاعیر و نووسەری لەدەوری خۆیدا كۆكردەوە ((هۆكاری سەرەكی ئەمەش لەلایەك بێ هیوابوون بوو لە ئینگلیز و حكومەتی عێراق كە هیچ كامیان نەك هەردانیان بەمافی گەلی كورددا نەنا، بەڵكو بەپێچەوانەشەوە بۆ بەرژەوەندی خۆیان هەرچیان لەدەست هاتبا بێ بەزەییانە پێیان دەكرد، لەلایەكی ترەوە بانگەشە بۆ یەكسانی و دادپەوەری كۆمەڵایەتی و دژایەتیكردنی داگیركەر و دەستوپێوەندەكانی و.. هتد سیمایەكی وای بەم ئایدۆلۆژیایە بەخشی بوو، كە پارت و ڕێكخراوە كوردییەكان ڕۆشنبیرانیش بەفریادڕەس بزانن و لێی نزیك ببنەوە)) ]محەمەد: 2014: ل 59[. دوای ئەوەی حزبی شیوعی لە كوردستاندا دامەزرا دەستی كرد بەبڵاوكردنەوەی بیری ماركسیزم كۆمەڵێك لەشاعیر و نووسەرانی كورد كاریگەربوون بەم بیروباوەڕە و پەیڕەویان دەكرد و ئەم ئایدۆلۆژیایە لەبەرهەمەكانیان ڕەنگی دایەوە و زەمینەی لەباری ڕەخساند بۆ هاتنە كایەی ئەدەبیاتێكی ڕیالستی، هەروەها دامەزراندنی حیزبی هیوا لەلایەن شاعیری لاوی كورد (دڵدار) كە خاوەن تێڕوانینێكی ماركسیانەبوون و هەروەها بوونی ئەم ئاراستە چەپە لەنێو هیوادا بارودۆخی بۆ هاتنەكایەی ڕیالیزم لەئەدەبیاتی كوردیدا خۆشكرد ((ئەمان خاوەن بیركردنەوە و تێڕوانینێكی ماركسیانە بوون بەو ئاراستەیە ئیشیان دەكرد كە تا بۆیان بكرێت پەیوەندیان لەگەڵ حیزب و گروپە چەپەكاندا بەهێز بكەن و دووربكەونەوە لەئیمپریالیزمی بەریتانی، تا دواجار ئەم باڵەی (هیوا) چووە ناو باڵی (یەكێتی تێكۆشین) (وحدة النضال)ی حیزبی شیوعی عێراقەوە. بوونی ئەم تێڕوانینانە و چەندین شاعیر و نووسەر لەو ڕێكخراوەدا زەمینەیەكی باش بۆ سەرهەڵدانی ئەدەبی ڕیالیزمی بوو)) ]قادر: 2008: ل 44[. نووسەرانی كورد كە ئەندامانی حیزب بوون لەباشوری كوردستاندا ناوەرۆكی بەرهەمەكانیان لەخزمەتی كێشە چینایەتیەكان دا بوو بیری سۆشیالیستی بەتەواوی لەبەرهەمەكانیان ڕەنگی دابوویەوە.

**2-2 بارودۆخی كۆمەڵایەتی لە كوردستان (ئاغا و دەرەبەگ) و ململانێی چینایەتی:**

دەركەوتنی ڕیالیزم لەچیرۆكی كوردیدا تاڕادەیەكی زۆر پەیوەست بوو بەبارودۆخی كۆمەڵایەتی كوردستان لەو سەردەمەدا، بوونی دەسەڵاتێكی ستەمكار و ململانێی چینایەتی لەنێو گۆمەڵگاكەدا ببوون بە بابەتی نێو دەقە ئەدەبیەكان و باسیان لێوەدەكرا ((هەروەك ئاماژەم پێكرد كە سیستەمی دەرەبەگایەتی ڕەگی لە كۆمەڵگەی كوردەواری ئەوكاتی چەسپاندبوو، ڕۆشنبیر و نووسەرانیشمان بەنووسین و بەهونەری چیرۆك ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ستەمكاری ئەم چینە دڵڕەقەیان دەردەخست)) ]فەیزی: 2006: ل 151[. سیستەمی ئاغا و دەرەبەگ و نایەكسانی و نادادپەروەری لەژیانی چینەكانی كۆمەڵگادا و چەوساندنەوەی چینی جوتیار و نەدانی مافی ڕەوای خۆیان بەشێكی گرنگ بوون لەهۆكاری هاتنە ناوەوەی ڕیالیزم بۆ چیرۆكی كوردی و بێدەنگ نەبوونی ئەدیب و نووسەرانی لەئاست مافی ڕەوای جوتیاران لێكەوتەوە ((ئەمەش وەك باسمان كرد باری ئاڵۆزی ئەو سەردەمەی كورد لە كورستانی عێراق دا بووەتە هۆی لەدایك بوونی چیرۆكی كوردی هەر لەسەرەتاوە بەشێوەیەكی واقیعی گیروگرفتی چینی جوتیار و هەژاری سەر بەرژێمی دەرەبەگایەتی ئەو سەردەمەیان پیشانداوە كە لە سایەی ئەو ڕژێمەدا توشی ماڵ وێرانی و كوێرەوەری بوونە لەژیان، ...)) ]ئەحمەد: 1989: ل 324[. ڕیالیزم لەچیرۆكی كوردیدا هۆكارێكی گرنگی گەیاندنی كێشە و گیروگرفتەكانی جوتیاران و باس كردن لە جیاوازی ئاستی ژیانی چینەكانی كۆمەڵگا بوو بەمەبەستی بەرچاو ڕوونكردنی كۆمەڵگا بۆ كێشەكان و گەڕان بەدوای دۆزینەوە چارەسەری زانیستیانە و واقیعی بۆ كێشەكان ((لەمەودوا بەدەردەكەوێت كە زۆربەی ناوەرۆكی چیرۆكەكان (ڕیالیزمانە) چارەسەری كێشە كۆمەڵایەتیەكانیان كردووە لە دەرگەی باری ئابووری خەڵك و جیاوازی چینایەتیانی داوە، ئەمەش بەخۆلێدانێك لەقەرەی سیاسەتەوە دادەنرێت، چونكە ڕژێمی ئەوساتی پاڵپشتێكی بەهێزی سیستەمی دەرەبەگایەتی بوو)) ]فەیزی: 2006: ل 150[. دەتوانین بڵێین زۆربەی ناوەرۆكی چیرۆكەكان دەرخەری كێشەی چینایەتی و جیاوازیە چینایەتیەكان بوون، ئەمەش هۆكاری گرنگی سەرهەڵدانی ڕیالیزم بوون لەچیرۆكی كوردیدا.

**3- وەرگێڕان:**

یەكێك لە هۆكارە گرنگەكانی كارتێكردنی ئەدەبی لەنێوان ئەدەبیاتی دوو میللەتی جیاوازدا (وەرگێڕان)ە، هۆیەكی تایبەتی جیهانگیری ئەدەبییە لەئەدەبی بەراوردكاری دا و كاریگەری ئەدەبی لەنێوان دوو میللەت فەراهەم دەكات وەك ئاشكرایە ئەدەبی كوردی لەڕێگەی وەرگێڕانەوە شارەزاییەكی تەواوی پەیداكردووە لەئەدەبیاتی میللەتانی دراوسێ و ئەدەبیاتی ئەوروپی و كەوتۆتە ژێر

کاریگەری ئەدەبەکەیان، شایەنی باسە بەشێوەیەکی گشتی ئەدەبیاتی ئەوروپی کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی بۆ سەر ئەدەبیاتی کوردی نەبووە بەڵکو لەڕێگەی وەرگێڕانی بەرهەمەکان لەئەدەبیاتی ئەوروپی بۆ سەر زمانی (تورکی و عەرەبی) نووسەرانی کورد بەهۆی شارەزابوونیان بەم زمانانەوە توانیویانە سود لەم بەرهەمانە وەربگرن و کاریگەری هەبێت لەسەر بەرهەمەکانیان. ((جێگەی داخە ئەم دیاردەیە لە کوردیدا زۆر باوە، زۆرینەی ئەم بەرهەمانەی دەکرێنە کوردی لە عەرەبییەوە وەردەگێڕدرێت، بۆی هەیە بەرهەمەکە بە فەرهەنگی بێ، لە فەرهەنگیەوە کرابێتە ئینگلیزی، لە ئینگلیزییەوە کرابێتە عەرەبی ئینجا لە عەرەبییەوە بکرێتە کوردی)) ]هەمان سەرچاوە: ل 85[. ڕیالیزم وەکو ڕێبازێکی ئەدەبی کە لە ئەدەبیاتی ئەوروپیدا سەری هەڵداوە لەڕێگەی وەرگێڕانەوە دەگات بەئەدەبیاتی میللەتانی دراوسێ و لەوێشەوە بۆ نێو ئەدەبی کوردی دزە دەکات، بەهۆی گونجانی زۆری لەگەڵ بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەو کاتەی نەتەوەی کورد بووە بە ڕێبازێکی دیاری نێو ئەدەبیاتی کوردی داو لەچیرۆك دا بەتایبەتی سەریهەڵدا.

**3- شیکردنەوەی چیرۆکەکان**

**1-3 چیرۆکی (وڕێنە)**

چیرۆکی وڕێنە چیرۆکێکی ڕیالیستیی شۆڕشگێڕانەیە لەهەمان کاتدا ڕیالیزمی فۆتۆگرافیە چونکە چەندین وێنەی تێدایە، هەر ڕووداوێك لەناو کۆمەڵگادا ڕوویدابێت و بوونی بەئاسانی ببینرێت دەچێتە چوارچێوەی ڕووداوێکی واقیعی، لە چیرۆکی (وڕێنە)دا نووسەر چەند وێنەیەکی دروست کردووە، کە لە واقیعدا ڕووداوەکان بوونیان هەیە، وێنە خەیاڵیەکان کۆپیکردنی ڕووداوە واقیعییەکانە کاتێك نووسەر دەڵێ: ((خۆرە چەقیوەکەی ئاسۆ دوا هەناسەی ئەو ڕۆژەی کێشا)) ]بێگەرد: 2006: ل 193[. لێرە نووسەر مەبەستی وەستانی شۆڕشە کاتێك لە بارودۆخێکدا کۆتایی پێدێت و دوا هەناسەی شۆڕش لەتێکشکانێکدا دەوەستێت و دەکەوێتە بێهیواییەکی ون، لێرەدا نووسەر ئەوە دەخاتەڕوو کە وڵات لەباری ڕووناکیەوە بەرەو تاریکی دەڕوات بێهیوابوونی گەلێك نیشاند دەدات، ئەوانەش کە دژی ئەو گەلەن لە نوێوە هەوڵی چەوساندنەوەی دەدەن.

لەم چیرۆکەدا نووسەر لەڕێگەی وێنە خەیاڵیەکانی دەیەوێت وێنەیەکی نزیك لە واقیع پیشانی خوێنەر بدات، کە باس لە ئەستێرە مت بووەکان دەکات واتە ئەو خەڵکانەی کە دۆستی شۆڕش بوون لەچاوەڕوانیدان جارێکیتر هیوایان بۆ پەیدابێت کە دەڵێ: ((چوار ئەستێرەی دی بەتەنیشت یەکەوە مۆلیان خوارد بوو، وەك ئەو سواڵکەرانەم دەهاتنە پێش چاو کە لەگەڵ دەست پانکردنەوەدا ملیش بەلارەوە دەنێت، ڕەنگ زەرد و بێتاقەتن، ...)) ]بێگەرد: 2006: ل 195[.

دواتر نووسەر باس لە ڕۆڵی خۆی دەکات کاتێك دەڵێ: ((کورسیە ئاسنەکەم بردە ناو چیمەنەکە و لەسەری دانیشتم، ڕاستەوخۆ ڕووناکی گلۆپەکە لەناو چاوی ئەدام)) ]بێگەرد: ل 193[. واتە نووسەر وەك پاڵەوانێك قسە دەکات و خۆی بەخاوەن هیوا دەزانێت، کە جارێکی تر ڕووناکی چاو هەڵدێنێتەوە، دواتر نووسەر وەسفی ڕوخساری خۆی دەکات لەڕێگەی کۆمەڵێك وشەی هیوابەخش و گەشبینییەکی زۆر لە وەسفەکەیدا بەدی دەکرێت کاتێك دەڵێ: ((هەستام و هاتمە ژووریٚ، لەبەر ئاوێنە درێژکۆڵەکەی ناو هۆڵەکەدا وەستام، سەیری دەم و چاوی خۆم کرد، ڕوومەتم سور دەم و چاوم گەش بوو، هەرگیز بەم جوانیە خۆم نەهاتبووە بەرچاو)) ]بێگەرد: ل 196[. لەم چیرۆکەدا نووسەر باس لەبیرکردنەوەکانی خۆی دەکات، بیرکردنەوەکان ناوەناوە بەرەو هیواو هەندێ جاریش بێ هیوایی دەگەڕێنمەوە دەروونی مرۆڤ لەو بیرکردنەوانەدا توشی نامۆیی دەرونی دەبێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێی وایە مرۆڤ ئەگەر ڕەشبین بوو لەتێکشکانی ئاواتەکانی نابێت بروخێ و پێویستە جارێکیتر شتەکان لەیەك بداتەوە و کەشتی بەرەو ئامانج دروست بکاتەوە ئەمە وێنەی تاکی کوردی ئەو سەردەمە بووە کە لەناو کەوتن و شکستەکانیشیدا گەشبین بووە و نائومێد نەبووە ، کاتێك کە دەڵێ: ((کەواتە مەحاڵ نییە، ئێمە باس لە مەحاڵ ناکەین، هەموو شتێکیش قابیلی گۆڕانە، ئەشێت ئێستا ئەو چوار ئەستێرەیە نزیك ببنەوە، تیشکیان لەوانی دەوروبەر زیاتر بێت)) ]بێگەرد: ل 196[. بەلای ئەو پاڵەوان دەبێ ورە بەرز بێت، ئەگەرچی لەکاتێکدا تێکدەشکێ بەڵام دەبێ خۆی توند بکاتەوە و هەڵسێتەوە، هەر لەو دەقەدا کەوا بەراورد لەنێوان دوو دۆخ دەکات، بەڵام ڕێگەی ئەو پاڵەوانە ئەفسانەییانەی بەلاوە سەرکەوتووە و دەبێ ڕێگەی ئەوان بگرێتەبەر ((چاوم بڕییە ئەستێرەکان، یەکێکیان بە دەماغ و شەوق تر بوو، دیارە ئەمیان لەوانی دی لەئێمەوە نزیکترە)) ]بێگەرد: 2006: ل 195[. مەبەستی نووسەر واقیع هەر ئەوەیە چەندین ڕێگای تر هەیە بۆ هەڵسانەوە، دیارە ئەو یەکێکیان بەباشتر دەزانێت بۆ ئەو ڕێگە سەختە کاتێك دەڵێ گیانی شۆڕشگێڕیٚ لە ناخیاندا دەچێت ((لەوکاتەدا تیرێکی ئەستێرە پڕشنگدارەکەی ئەولایان وەك بروسکەیەك بەبەردەمیاندا هات و هەر لەوێدا تەقیەوە، کردیە چراخانێك ڕووی چەندان ئەستێرەی تری داپۆشی، ...)) ]بێگەرد: ل 197[.

کۆتایی چیرۆکەکە کۆتاییەکی هیوابەخشە ورەی خوێنەر بەرز دەکاتەوە و هانیان دەدات بۆ گۆڕانکاری و هێنانە کایەی بارودۆخی تازە و گیانی شۆڕشگێڕی لەناخیاندا لە گرنگترین خاسیەتەکانی ڕیالیزمی شۆڕشگێڕانەیە.

**2-3 چیرۆکی (دیوار)**

چیرۆکی (دیوار) چیرۆکێکی ڕیالیزمییە لە ڕیالیزمی فۆتۆگرافییەوە بۆ ڕەخنەیی و دواتریش ئیشتیراکی ، و ناوەرۆکەکەی دەرخەری واقیعێکی کۆمەڵگایە کە باس لە چین و توێژەکانی کۆمەڵگا دەکات و ئەو جیاوازی و ململانێیەش دەخاتەڕوو کە لە نێوانیان داهەستی پێ دەکرێت. ((چونکە چەمکی ململانێی چینایەتی لەبنەڕەتدا ئاماژە بە ململانێی نێوان چینەکان دەکات، لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر جیاوازە)) ]محەمەد: 2014: ل 151[. ناوەرۆکی چیرۆکەکە باس لە بەسەرهاتی کوڕێکی هەژار دەکات کاتێك دوای دوانزە ساڵ لە دابڕان چاوی بە خۆشەویستەکەی دەکەوێتەوە، بەڵام کچەکە بەهۆی هەژاری کوڕەکەوە خۆی لێ نەناس دەکات بەبێ ئەوەی هیچ گرنگیەك بدات بەو ڕابردووەی لەنێوانیان دا هەبووە.

کارەکتەری سەرەکی لەم چیرۆکەدا کەسایەتێکە بەناوی (ئەحمەد) کە نووسەر لەسەرەتای چیرۆکەکەدا بەم شێوەیە وەسفی بارودۆخی دەکات دەڵێ ((جلەکانی ئەحمەد، پێڵاوەکەی، دەست و سەروملۆڵەکانی گەچاوی بوون، چەند دڵۆپێکیش بەسەر ڕوومەتە ڕەش داگەڕاو و نیمچە سوتاوەکانیدا بەنارێکی تا سەر چەناگەی کشابوون...)) ]بێگەرد: ل 198[. لێرەدا نووسەر لەڕێگەی وەسفی کارەکتەرەوە دەچێتە نێو ڕووداوەکانی چیرۆکەکەوە چونکە نووسەر ((سەرەتا پێویستی بەوە هەیە کە وەسفی شوێن و ڕووخسار و ڕواڵەتی کەسایەتیەکان بکات بۆئەوەی وێنەیەکی ژینگە و باری ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەوان بخاتە بەرچاوی خوێنەران ئەمەش دەورێکی زۆر گرنگی هەیە لە ڕاگرتن و دواخستنی گەشەکردنی خێرایی ڕووداوەکان هەروەها بایەخێکی زۆری دەبێ بۆ ئەوەی زەمینە خۆش بکات بۆ ناسینی ئەو کەسایەتیانەی کە ئەم دەیەوێ باسی ژیان و بەسەرهاتی ئەوان بکات)) ]ئەڵوەنی: 2002: ل 198[.

ئەحمەد لە بەیانییەکی زوودا کاتێك لەسەر کارەوە دەچێت بۆ چایخانە لەڕێگادا چاوی بە کۆشکێکی گەورەی سەرنجڕاکێش دەکەوێت، هەروەها دواتر چاوی بە خانمێك کە خانمی کۆشکەکەیە دەکەوێت، کە لێی نزیك دەبێتەوە دەیناسێتەوە کە (لەیلا)ی هاوڕێیەتی پێش دوانزە ساڵ لەمەوبەر هاوڕێبوون و لەگەڕەکێکدا ژیاون هەستی خۆشەویستیان بۆ یەکتر هەبووە، بۆیە ئەحمەد سڵاوی لێ دەکات و پێی دەڵێ:

((ڕۆژباش خانمەکەم

ئافرەتەکە وەستاو ئاوڕی دایەوە، وەك سەیری لە ڕۆژباشەکە هاتبێت و نەهێڵێت بەسەریا تێپەڕێت پێی وت:

– ڕۆژباشیش ... فەرموو...

– بە یارمەتی تۆ لەیلا نیت؟

– ئافرەتەکە جارێکی تر بەسەرووچاو و باڵا گەچاوییەکەیدا هەڵیڕوانیەوە لەسەرخۆ بێ دەربەستانە وتی:

– بۆ ئەپرسیت؟ تۆ چۆن من ئەناسیت؟)) ]بێگەرد: ل 200[. دواتر لەیلا هەر سورە لەسەر ئەوەی پێشتر ئەوی نەبینیوە و ناینناسێت بۆیە ئەحمەد پێی دەڵێ: ((سەیرە تا ئێستاش وا هەست دەکەم خۆتم لێ گێل ئەکەیت، من ئەحمەدی مامە سەعیدی گەڕەکی خۆتانم، کەم دراوسێ و هاوڕێی یەکتر بووین؟

لەیلا سەری دانەواند ویستی بکەوێتە سەر جەمسەری بیرەوەرییەك، یان یادگارییەکی دێرینەی بگرێت، کەچی بێ ئەوەی بهێڵێت ئەحمەد هەستی پێ بکات بێ دەربەستانە وتی:

– نەمناسیەوە ئەوە لەکەیەوە کرێکاریت؟

– دەمێکە.

– لەشت ساغ بێت بێ قەزابیت ئەم هەموو وەستان و بگرەو بەردەی دەویست؟ باشە خوات لەگەڵ)) ]بێگەرد: ل 201[.

کارەکتەری لەیلا لەم چیرۆکەدا پەرەسێنە کە ئەمەش یەکێکە لە خاسیەتەکانی چیرۆکی ڕیالیستی کە کارەکتەر واپیشان دەدات کە لەسەرەتا تا کۆتایی لەیەك باردا نامێنێتەوە و هەڵوێستەکانی گۆڕانکارییان بەسەردادێت، بەهۆی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی یاخود فیکری پەردەسێنن و نووسەر دۆخێك دێتە پێش دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە کەسەکەدا، لەم چیرۆکەشدا (لەیلا) بەهۆی باش بوونی باری دارایی ماڵی باوکی هەڵوێستی بەرامبەر بە (ئەحمەد) دەگۆڕێت ڕۆژانی دراوسێتی و خۆشەویستی نێوانیان لەیاد دەکات کاتێك دەڵێ:

– کامر ئەحمەد، خۆ ئەمر شارە هەمووی یان حەمەیە یان ئەحمەدە.

– چەند ئەحمەد دەناسیت هەرە کۆنەکەیان.

– لەیلا دیسان تەنگە گرتیەوە.

– ئەڵێی مەتەڵمر لێ دادەهێنیت؟ من ئەحمەد ناو ناسامر)) ]بێگەرد: 201[.

ڕووداوەکانی ئەمر چیرۆکە لە دوو سەردەمی جیاوازدا ڕوویان داوە، ڕووداوگەلێك لەڕابردوودا ڕوویان داوە ئەو کاتەی دراوسێی یەکتر بوون، ڕووداوگەلێکیش لەو کاتەدان کە ئەحمەد چاوی بە لەیلا دەکەوێت، لەوەسفی کاتەکەی دا دەردەکەوێت بەیانیەکی زووە و تازە خۆر هەڵاتووە کاتێك نووسەر لە وەسفی کاتەکەیدا دەڵێ: ((خۆر چاوێکی خەواڵوو بوو، تیشکە نەرمر و بێ تینەکەی بەسەر زەوییە سست و سڕەکەی ئەو بەیانیەدا ئەڕژا، ...)) ]بێگەرد: ل 198[.

نووسەر لەمر چیرۆکەدا جیاوازی چینایەتی لەڕێگەی ئەمر کۆشکە گەورەیەوە دەردەخات کە کارەکتەری ئەحمەد بە بەردەمیدا تێدەپەڕی و لەگەڵ ئەو خانوە بچوکەی مامۆستادا بەراوردی دەکات کە کاری تێدا دەکات کاتێك دەڵێ: ((بە بەردەمر ئەو کۆشکە داهات کە کەوتبووە سەر شەقامە سەرەکیەکە، پڕ بەپڕی چاوەکانی بەپان و بەرینی کۆشکەکەی دا هەڵڕوانی، وەستاو ڕاما، ڕوانین و لێکدانەوەکانی دەمێك وێڵ و جارێك سەقامگیربوون، بزەیەکی تەوساوی هاتە سەر لێو کەوتە بەراوردکردنی لەگەڵ ئەو خانوە بچوك و گەنیلەیەی مامۆستادا کە کاری تێدەکات، هەناسەیەکی هەڵکێشا و بەخۆی ووت کێ دەڵێت خاوەنەکەی وەك ئەو مامۆستاهەژارە جوامێر و خاکیە، سەربەرز و ڕوناکبرە، کەچی خانوەکەی یەك بەسەدی ئەمەی تێ ناچێت، هێشتا لەسەری قەرزارە، پف...!!)) ]بێگەرد: 200[. نووسەر لێرەدا ڕەخنە لەو دیاردەیە دەگرێت کە خانووی مامۆستایێك کە تاکێکی ڕۆشنبیری کۆمەڵگایە و خزمەت بەنەوەی داهاتووی میللەتەکەی دەکات کەچی خانوەکەی بچوکە و لەسەریشی قەرزارە و لەبارێکی ئابووری خراپدا دەژیت، بەڵامر خاوەنی کۆشکەکە کە لەوانەیە وەکو مامۆستاکە کەسایەتیەکی ڕۆشنبیر نەبێت کەچی خاوەنی ئەمر کۆشك و تەلارەیە و لێرەدا نووسەر وەکو خاڵێکی لاوازی نێو کۆمەڵگا دەیخاتە بەر چاو.

لەمر چیرۆکەدا کۆمەڵێك خاسیەتی ڕیالیستی بەدی دەکرێت، وەك هەبوونی ناوەڕۆکێکی واقیعی و وەرگرتنی ڕووداوی چیرۆکەکە لەواقیعی ژیانی کۆمەڵ و بوونی کەسایەتی پەرستن لەنێو چیرۆکەکەدا و بەکارهێنانی زمانێکی سادە بۆ نووسین کە هەموو چینەکانی کۆمەڵگا بەئاسانی دەتوانێت لێی حاڵی بێت.

### 3-3 چیرۆکی لە پایزی تەمەندا

ئەمر چیرۆکە چیرۆکێکی واقیعییە و گێڕەرەوە لەئێستادایە باس لە ڕووداوێکی ژیانی خۆی دەکات کە لە ڕابردوودا ڕوویداوە، باس لەو کاتە دەکات کە ژنی هێناوە لەسەرەتای چیرۆکەکەدا ئەمر ڕووداوە بۆ خوێنەر دەخاتەڕوو ((خاڵە حەمە وتی: ئەو ساڵەی من ژنمر تیا هێنا قات و قڕی بوو، گرانی یاساوڵێکی درێوی بەر هەموو دەرگایەك بوو، گۆشتی سەگ و پشیلە لە برەودا و ڕشانەوەیش دروێنکەرێکی هەڵۆ ئاسا بوو)) ]بێگەرد: ل 285[.

دیارە نووسەر باس لە ڕووداوێکی واقیعی دەکات باس لەو سەردەمە دەکات کە قاتوقڕییەکی گەورە ڕووی لە ناوچەکە کردووە کە لە مێژوودا بە (گرانی گەورە) ناسراوە. خاڵە حەمە بەردەوامر دەبێت لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ژیانی و دەکەوێتە گێڕانەوەی چۆنیەتی بینینی خونچەی خێزانی ((وا ئەزانمر ئێستایە دەمەو عەسرێك کە هەموو شتێك سێبەری خۆی کرد بوو ژن و پیاوێکی شەکەت لەگەڵ کیژە خشتەکەیاندا لەپاڵ دیواری خانوەکەمان لایاندا، کزو ماندوو بوون، لە برسانا ڕەنگیان بوو بووە خامی سپی، بەنان و دۆکەی دایکمر تەڕاییەکیان تێگەڕاو کەوتنە ڕازو سکاڵا. شەویش هەر لەوێدا بە پێخەفی ئێمە نووستن بەڵامر ئەو شەوە من ئەستێرە ژمێری گوند و مارانگازی جوانیی خونچەی میوان بوومر...)). ]بێگەرد: 285[. دواتر باس لەوە دەکات کە لە ماوەیەکی کەمدا کە تەنها دوو ڕۆژی خایاندووە خونچەی هێناوە و کردوویەتی بەهاوسەری خۆی وەکو خۆی ئاماژەی پێدەکات دەڵێ ((دوای دوو ڕۆژ هەموو شتێك کۆتایی پێهات)). ]بێگەرد: 285[.

کەسایەتیەکان لەمر چیرۆکەدا بریتییە لە (خاڵە حەمە، حەسەن، شیرین، خونچە، دایك و باوکی خونچە و پورە فاتمر)) خاڵە حەمە لەمر چیرۆکەدا کەسایەتی سەرەکییە و ئەوانی تر کەسایەتی لاوەکین هۆیەکی بۆ بەرەو پێش چوونی ڕووداوەکانی چیرۆکەکە.

شوێن لەمر چیرۆکەدا واقیعین وەك (خانوو، حەوشە و گوند) بەرچاودەکەون و ئاماژەیان پێکراوە. تەنانەت ناوی کارەکتەرەکانیش لە واقیعی ناوچەکانی کوردستان وەرگیراون

**ئەنجام:**

1- ڕیالیزم بریتی بوو لەو ڕێبازەی هەموو کات دەستنیشانی کێشە و گیروگرفتەکانی نێو کۆمەڵگای کردووە لەپێناو چاکترکردنی واقیعی کۆمەڵگا و فەراهەمکردنی ژیانێکی باشتر. وەك لەچیرۆکەکانی ورێنە و دیوار و لەپایزی تەمەندا دەردەکەوێت.

2- چیرۆکی کوردی لەڕێگەی کاریگەربوونی بەئەدەبیاتی میللەتانی تردا کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەم تەوژمە ئەدەبیانەی کە لە ئەوروپادا سەریانهەڵداوە و دواتر بەئەدەبیاتی میللەتانی تردا بڵاودەبوونەوە و ڕیالیزمیش وەك یەکێك لەو تەوژمە ئەدەبیانە هاتۆتە نێو چیرۆکی کوردییەوە.

3- چیرۆکی ڕیالیزمی کوردی دەرخەری کێشە و گیروگرفتە کۆمەڵایەتی و چینایەتیەکان بوون، بەمەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی چینی بورجوازی و نەهێشتنی جیاوازی چینایەتی و زوڵم و ستەمکاری ئاغا و دەرەبەگ.

**4-** بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری، کوردستان زەمینەی لەباریان بۆ هاتنە ناوەوەی ڕیالیزم بۆ ئەدەبی کوردی خۆش کرد بەو پێیەی ئەدەبیات هەموو کات بەپێی پێویستی سەردەم ناوەڕۆکی دەگۆڕێت و دەبێتە دەرخەری ئەو واقیعەی کە تێیدا لەدایك بووە. بۆیە نووسەری کورد لەو چیرۆکانەیدا ئەو شێوازانەی گرتۆتەبەر.

**سەرچاوەکان:**

**کتێب:**

1- ئەحمەد: خورشید ڕەشید: 1989: ڕێبازی ڕۆمانتیکی لەئەدەبی کوردیدا: دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا.

2- ڕێگەرد ڕەئووف: 2006: کۆی چیرۆکەکانی ڕەئووف بێگەرد (دیوار – هەوار – هەڵۆ – کۆڵان – سەما – دەستی خودا) چاپی یەکەم – سلێمانی.

3- خەزنەدار: دکتۆر مارف: 2010: مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی پێنجەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

4- سابیر: د. پەرێز: 2006: ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە – هەولێر.

5-ساڵح: د. سەلیم ڕەشید: 2012: شێواز لەکورتە چیرۆکی نوێی کوردیدا 1990 – 2000، چاپخانەی ڕۆژهەڵات – هەولێر.

6- شوان: د. ئیبراهیم ئەحمەد: 2014: بەراوردی ئەدەبی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

7- فەیزی: گۆران سۆران، 2006: باری ئەدەبی کوردی لەشاری هەولێر لەنێوان ساڵانی 1935 – 1958، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

8- کەریم: د. ئازاد عەبدولواحێد: 2013: سۆسۆلۆژیای ئەدب، چاپخانەی کارۆ – کەرکوك.

9- گەردی: عەزیز: 1978: ئەدەبی بەراوردکاری، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

**نامەی ئەکادیمی**

1- ئەلوەنی، نەجم خالید نەجمەددین، بینای کات لەسێ نموونەی ڕۆمانی کوردیدا (ژانی گەل – شار – ڕاز) نامەی دکتۆرا – کۆلێژی ئاداب – زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر.

2- قادر: عەباس محەمەد: 2008: ڕیالیزم لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا (1946 – 1970) نامەی ماستەر – کۆلێژی زمان – زانکۆی سلێمانی.

3- محەمەد: یوسف ئەحمەد: 2014: شیعری کوردی لەژێر چەمکی ڕیالیزمدا (1900 – 1950) – نامەی ماستەر – سکوڵی زمان بەشی کوردی – زانکۆی سلێمانی.

کتێب بەزمانی عەرەبی

4- رسول، د. عیزەدین مستەفا، 2010، الواقعیة فی الأدب الكردی، ط2، من منشورات ئاراس، أربیل.

**أسباب ظهور الواقعية في الثقافة الكردية**
**على سبيل المثال ، قصة رؤوف بيكەر**

**خەندە حاجی بكر**
قسم الكردي، كلية التربية، جامعة صلاح الدين-أربيل
Xandahajibakir1990@gmail.com

**سليم رشيد صالح**
قسم الكردي، كلية التربية، جامعة صلاح الدين-أربيل
salim.salih@su.edu.krd

**ملخص**

ملخص هذا البحث هو بيان هذه الأسباب بسبب ظهور الواقعية في القصة الكردية وتحديد هذه المنهج في قصص (رؤوف بيگەرد) هو المنهج الأدبي الذي يؤكد على التسجيل الحقيقي ويتجنب نفسه ظهر الخيال وضباب العقل والتعقيد كرد فعل على طريقة الرومانسية لأن الرومانسيين يعتمدون على الخيال وفي الحقيقة فإن أتباع هذا المنهج يجعلون المشاكل في المجتمع الموضوع الرئيسي بين منتجاتهم يأخذون خبرة في المشاكل الاجتماعية للعصر ، القصة الكردية منذ بداية ظهورها بسبب الوضع الصعب لكردستان في الجوانب السياسية والاجتماعية والاقتصادية ، تحولت إلى الواقعية وأصبح محتوى القصص مرآة للكشف عن هذه المشاكل والمشاكل التي حدثت في كردستان في هذا العصر.

**كلمات دالة:** الواقعية، التاريخ الكردي، الواقع، مشكلة الاجتماعي.

**The reasons for the emergence of realism in Kurdish culture**
**For example, the story of Rauf Begard**

**Khanda Haji Bakir**
Kurdish Department, College of Education, Salahaddin University-Erbil
Xandahajibakir1990@gmail.com

**Salim Rashid Salih**
Kurdish Department, College of Education, Salahaddin University-Erbil
salim.salih@su.edu.krd

**Abstract**

The summary of this research is the manifestation of these reasons for the emergence of realism in Kurdish history, the identification of this method in the story of Rauf Begard, realism is a literary approach that emphasizes the real accusation of reality and avoids it. Imagination, fog, and complexity emerged as a reaction to the method of romanticism because romanticism relied on imagination and distanced itself from reality, and the followers of this path make it a major theme among their products.They receive experience in the society of the era. Since its inception, the Kurdish story has become a mirror in the political, social and economic situation in Kurdistan, and the content of its story has become a mirror for revealing these problems and problems that have taken place in Kurdistan in this era.

**Keywords:** realism, Kurdish history, reality, socialism.